# نامەیەك كەڕستە كانی لە تەنهایدا دەلەرزێت

سلاْوهاوڕێم :ئەوەندەی درۆزەقەكانی ئەوروپا بیرت دەكەم،ئەوەندەی پەشێوی دڵم لەناولەحزەكانتا تاریك تاریك ڕاكشاوم.
.بم بینە وەك دێوانەیەكی عەجولی بەر باران،وەك قوماربازێكی خەڵەفاو،وەك هەرشتێك كەڕەنگە من زاكیرەم نەچێتەوەسەری.
،بڕوابكەدەهرێكەلەناوتە پوتۆزی جەنگەكانا چاوەڕێی بەریەك كەوتنی ئەم لەحزەهیچ وپوچانەدەكەم.
چاوەڕێی بارینی ئەم كارەساتەیەك لەدوای یەكانەدەكەم كەڕۆژێك بەخەیاڵیش نەدەگەیشتمە سەریان.
ببوورە نەم ئەویست لەئێوارەیەكی تەڵخدابەم شێوەیەبێمەسەرچۆك , بەلاْم ئەزانم وێڵبوونم مسۆگەرە.
ئەزانم ژاكان و وەرین وتوڕەهاتەكانی من لەمرۆ وە دەست پێدەكەن.

بەلاْم هاوڕێم !
پێت وانییە لەجیهانێكا, هەمووچركەكانی ناكۆكبن گرنگەتۆش شەڕبەباخچەكان بفرۆشیت ,
بۆئەوەی هیچ نەبێت هەست بەجیاوازییەكی گەورەنەكەی لەهەناسەكانی خۆتدا؟
ڕەنگەوابێت, ئەگینا من هێندەی فڕینی چۆلەكەیەكی بریندارببێمانادەرنەدەكەوتم .
پێم خۆشنەبولەنامەیەكی لەم جۆرەدا زاكیرەت بلاْو كەمەوە.
دیارەپیاوێك ,كوڕێك, شێتێك ,هەرشتێك لەتوڕەهاتەوەنزیك بێت
بانگەشەبۆدیارنەمان ولادانی خۆی دەكات لەجادەخواروخێچەكانی زیندەگیا.
تۆش ئەگەركاتت هەیەبۆگوێگرتن لەئینسانێكی هەزەلی،
لەئینسانێك دەهرێكەفڕێدراوە تەنێو زبڵ دانی مێژووە وەو ئەم تازەدەیەوێت
جەنگی خۆی دژی مانگەناسازەكانی گەردوون ڕابگەیەنێت.

تازە ئەخوازێت تەپ وتۆزی ئەم ڕۆژانەلەخۆی بتەكێنێت كەقەرارنییە تاهەزاران قەڕنی تر لێیان بێبەری بكرێت.
پێش ئەوەی قسەكانم تێكەڵ بكەم , بزانە شێواوی هەمووئەم وتەساردانەی زەمەنم پێدەنوسێتەوە !
ئەگیناعابیدێك بەدیارنوسینەوەی قەشمەرییەكی كالەوە هێندە خەیاڵ لەبیركردنەوەیاسەرف ناكات !
ئەزانم من كەسێك ی عادەتی نیم یان ڕونتربڵێم ناتوانم بە پێی ئەومیتۆدانەبچم بەڕێوە كە پیاوەقاچ قوڕاوییەكەنی ئەمڕۆ
بۆمان دیاریدەكەن.
ئاخر من دژی هەموو ئەوقەوانینەتێپەڕیوانەم بەدرێژایی تەمەنی مامۆستا پێ پەتییەكان ئەخوێنرێ وئەنوسرێتەوە.

تەماشائەزیزم !
چەند درۆیەكی عەزیمەژیان،چی مخالەفەیەكی بێ ئەخلاقەئەمڕۆژانە.
ڕەنگەگیرۆدەبوونی من وتۆ بەژیانەوە وابكات سڵ لەئەكسیدانە مەعنەوییەكانی سبەینێ بكەینەوە،
سڵ لەو ئێوارانەبكەینەوە ,كەچۆلەكەیەك , نەوڕەسێك, شەم شەمەیەكی تێدانییەبەئەستەم بەدیاردڵەشكاوەكەی خۆیەوەگۆرانی نەڵێت .
ئاخرگۆرانی كۆترەكان وائەكەن ئێمەزیاترگیرۆدەی ئەم شە پۆلەساردانەی دەریا بین،هێندەموو بتەلای ئەوخەیالاْنەبین ,
كەتەنها ڕەنگەبەشێوەیەكی واقیعی لەگەڵ ئێمەیاڕێك نەبنەوە,
بەڵكوئەوانیش دۆستێكمانن لەشێوەی شەیتان و دەعەجان وجنۆكەبەربەریەكانی ئەم مەملەكەتی دۆڕانە.
من پێم وایەئەگەرهێندەعاشقی بەیانی نەبوینایە ,ئێستائامادەی نوسینەوەی ئەم قسەڕەش پێستانەمان نەبوو ,
كە پێی دەڵێن خەفەت :
پێم خۆشەنەچمەنێو تەفاسیلەكانی مەراقەوە,
چونكە پێم وایە مەراق , كۆمەڵێك مەخالەفەی ڕۆحییەلەڕێگەی وتنەوەئەگەیەنرێتەبەرانبەر.
یان بەتەفسیرێكی دیكەهەمیشەئەوئینسانەنامەعقول وهەرچی وپەرچیانەباس لەمەراق دەكەن,

کەبون بەژێرهەرەسەکانی خۆیانەوە.لەناوتاریکیدا دانیشت و ن و درۆبەدەم ڕوناکیەوەهەڵدەبەستن,
لەناوسەحرادا تیاچوون و بە پیاوەبیابان نشینەکان ڕادەبوێرن.
ئاخرهەمووئەوکەسەمردوانەباس لەشکان دەکەن کەتوانای قبوڵ کردنی تاریکیان نییە,
یان هەریەکەو بەجۆرێك شکست خۆی لەسەربینا کردووە کە پێی ڕاست نییەلەدەرەوەی دۆڕان,
ئەم کائینێکی شیاوی ناوکۆمەڵگا مەدەنییەکان بێت .

برادەرگیان وابزانم هێندەپەشێوم ئاگام لەکاتەئاڵۆزەکانی تۆش نییە !
کەڕەنگەلەبری خوێندنەوەی ئەم نامە پەرپوتەی من گوێ لەمۆسیقایەکی هێمن بگریت. هێمن وەك دڵەساردەکانی ئێرە,
هێمن وەك ئەوساتانەی بەدیاریەکەوەتاسەحەر قەشمەریمان بەهەمووشتەکانی سەرکەون ئەکرد.
بەڕاستی من داوای بەخشین دەکەم لەکاتێکائەت خەمەبەرڕێژنەی شکستەکانی خۆم ومۆمی بێقەرارییەکانی تۆش دا دەگێڕسێنم.
ئەزانم تۆش ئێستالەمن ڕەنجاوتربەرژیان دەکەوی و لەمن پەرپوت تربۆن بەهەناسەساردەکانی خۆتەوەدەکەیت.
بڕواتبێت هیچ شتێك لەوەکارەسات ترنییە گوێت بۆخرینگەی بەریەك کەوتنی ئەم میحنەتانەڕابگریت بەتەنیا.
هەندێك جارتەنهای وادەکات ! سیمای عاشقێکی مەست ودەم و چاوی دڕندەیەیکی حەیشەری و جەلادێکی بەرباد و,
ئیمانداریکی خەستەت بۆلەیەك جیانەکرێتەوە.

من ئەم کاتانە زۆرگەورەبووم, بڕوات بێت هەرگیز وەك منداڵەعەجولەکەی جاران تەعامول لەگەڵ دەوروبەرماناکەم, چونکەتەنهایی فێرت دەکات گەورەبیت,
فێرتەکات لەبری پەیکەرەزەقەکانی جەلاد سوجدەبۆفلۆخیستەعەجولەکانی بەیانی بەریت.
هەرچەندگرانەبەخێرای شان لەسەردڵی تەنهایی دابەیت و نەترسیت.
بەلام ترسی تۆترسی ئەومەخلوقانەنییەکە شەوتابەیانی ڕۆژتائێوارەبەشوێن لاقی کچێکائەم سەروئەوسەریانە.
بەلام گرنگەبزانی ئەوان زۆرجوانترو شارەزاترلەئێمە, بەردەور و بەر دەکەوون.
بەرهەرشتێك دەکەوون بەدیاریانەوە ئەتریقێتەوە.
بەلام هەستدەکەیت ئێمە مەحرومین لەوجۆرەتەعامووڵانە.
بەهەرحاڵ من ڕێسەکەم زۆربوو بەلام هەستەکەم خەریکەخووریم پێنامێنێت.
ئاخربۆئەوەی بەردەوامی نەت کوژێت پێویستەدەم داخەیت ,
گرنگە فێری گێڕانەوەی هەمووحیکایتەکانی خۆت بیت بەبێدەنگی .
پێش ئەوەی واز لەم حیوارەخواروخێچانەبێنم :
هیوامەکامەرانی نەتکوژێ و بێتاقەتی بچوکت نەکاتەوە.
پڕبەدڵ ماچت دەکەم.
ئارەزوومە بەختیاری لەناوقوڵاییەکانتاگۆرانی بڵێت .

هاوڕێت حسێن ئەحمەد

31/12/2004